

## تیرۆر شەرمەزاریەکی تری دەسەڵاتە لە کوردستان

بابان عوسمان

لە مێژە دەسەڵات خۆی فرێداوەتە زەلکاوی درۆنەوە لە بەرامبەر مافی مرۆڤە ئازادی خوازەکانی کۆمەڵگا و هەرگیز خۆشبەختی بۆ هیچ کام لە چین و توێژانەکان لە هەگبە پڕ ترس و تۆقاندنیدا هەڵنەگرتوە و لە توند و تیژی و تیرۆر زیاتر هیچی تری پێ نەکراوە... بێ بڕانەوە دەسەڵاتی کوردیش درێژە دەری ئەم ترۆهاتانەیە.. کاتێ سەرکردەیەکی ترسنۆک چاوە خیانتکارەکانی لەبەردەم کامێراکانی ڕاگەیاندن دا زیت ئەکاتەوە و باسی ئازادی ئەکات، لەم چرکەیەدا شەرم و خەجاڵەتی بۆ دوورکەوتنەوە لەو سەرۆکە فریودەرە هەنگاوەکانیان گەورەتر ئەکەن.. ئەی سەرۆک تۆ کاتێ بیر لە مەرگی ڕۆڵەیەکی خۆت ئەکەیتەوە شەهیدانی ڕێگای ئازادی نیشتیمانت بیر دێتەوە..؟؟؟؟ یان وەک پیشەیی هەمیشەییت درۆزنانە خۆت گێل ئەکەیت..؟؟؟.من باوەڕم وایە کە تۆ ئەی سەرۆک هەرگیز مناڵەکانی خۆت وەک مناڵەکانی تری کۆمەڵگا تەماشا ناکەیت ئەگەر نا چۆن ئەتوانی لە دژی نوسەر و ڕۆژنامەنووس و مرۆڤە ئازادی خوازەکاندا بەم شێوەیە بڕیار تیرۆر کردنیان مۆر بکەیت..من باوەڕم بەوە نیە تۆ ئاگاداری ئەم کارە دزێوە نەبیت. گریمان با بڵێین تۆ ئاگادار نیت تۆ کاری گرنگ تر هەیە کە بە تاڵان بردنی سەر و سامانی میللەتە. بەڵام بێدەنگ بوونی تۆ لە دوای ڕووداوەکان بەڵگەن و مۆر و ئیمزای تۆیان پێوە دیارە..وەک چۆن تۆ لە پاش ئەم هەموو ساڵ لە تاوانە هێشتا خۆت بە خاوەنی خەبات و شۆڕش ئەزانی بێ پرس خۆت کردوە بە حاکم و دەم ڕاستی ئەم میللەتە و ڕۆڵەی هەژاران و شەهیدانیش وەک دوژمن تەماشا ئەکەیت کاتێ پەردە لەسەر ڕوی تاوانەکانتان هەڵئەماڵن و ئەبنە دەنگێکی پڕ لە سەدای ئازادی لە کۆمەڵگادا.

من کوڕی هەموو سەردەشت ەکانی ئەم شۆڕشەم و ڕەنگم بۆنی ئەم نا یەکسانیەیی لێدێ.لە پاش مەرگ و شەهید بوونی ئەم مرۆڤە ئازادی خوازانەدا دەمێکە بێ دەنگ بووم و خۆم ئەخۆمەوە، بەڵام ئەم شەو کاتێ نامەیەکم بەر چاو کەوت لەو نامەنەی کە سەبارەت بە ڕێگرتن لە دروست کردنی پەیکەری ئازادی پەیکەری ڕۆژمانەنوس سەردەشت عوسمانی شەهیدم خوێندەوە بڕیارم دا ئەم بێدەنگیە لە خۆما بسڕمەوە و ئەم پەیامە بنێرم بۆ تۆی سەرۆک و دەسەڵاتدارە گەندەڵەکانت. ئەو دەسەڵات دارانەی کە وەک

پیشەی سەرۆکانیان لە نابووتی زیاتریان پێ نیە بۆ ئەم کۆمەڵگایە.من کۆی ئەم نووسینە لە خاڵانەدا جڕ ئەکەمەوە.

1/ کاتێ سەرۆکێک وێنەو پەیکەرەکانی خۆی و بنەماڵەکەی بەسەرجەم کۆڵانەکانی شاردا بڵاو بکاتەوە و لە هەموو فەرمانگاکاندا وێنەکانی چاودێری جمووجوڵی کارمەندەکان بکات بۆ ڕێگرە لە بەردەم پەیکەری ئازادی.؟؟؟

2/کاتێ سەرۆک ئەوەندە بە بەیاخەوە باسی شەهیدان بکات بڵێ ئەم ئازادیە بە خوێن ئەوان بەدی هاتووە. منیش ئەڵێم کامەیە ئازادی کە تیرۆتان هەڵبژاردوە.؟؟؟

3/ئەو ترسەی کە سەرۆک و دەسەڵاتدارەکانی شار هەیانە لە بەرامبەر دروست کردنی پەیکەری ئازادی ئەمە نیشانەی ئەوە نیە ئەوان یەکەم و داواهەمین تاوانبارن لە بەرامبەر تیرۆرکردنی نوسەر و ڕۆژنامەنوسان.؟؟؟

4/ کاتێ هەموو کۆڕەپان و شووێنە گشتیەکانی وولاتتان بۆ پەیکەرەکانی خۆتان داگیرکردوە ئەگەر خۆتان دژی ئازادی نین بۆ ڕێگری ئەکەن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پەیکەری ئازادی.؟؟؟ خۆ پەیکەری ئازادی خەرج و مەسرەف لە ئێوە داوا ناکات، وەک چۆن سەد بەرامبەرتان بۆ تیرۆری ئەوان تەرخان کردوە.

5/ئەمەیە وەڵامی قسە پووچەکانی پارێزگارە کاتێ باس لە لیژنەی لێکۆڵینەوە ئەکات . کاتێ خۆیان خاوەنی هەموو بڕیاریکی لەم چەشنەن بەدەر لە بڕیارەکانی سەرۆک هیچ لیژنەیەک مانای نیە.

6/ بۆ پرێزگار لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆ گەندەڵ و دز و جەردەکانی ئەم حکومەتەی گەندەڵە دانانێت.؟؟؟

7/ پەیامی من بۆ دەسەڵات بە ڕەسمی ناسین و ڕێگە دانە بە دانانی پەیکەری ئازادی.

لە کۆتایی ئەم نوسینەدا بانگەواز ئەکەم بۆ سەرجەم نوسەر و ڕۆژنامەنووس و خەڵکانی ئازادیخواز کە تۆڕێک بەرنگاری دروست بکرێت بۆ بەرگرتن لەم نایەکسانیانەی کە دەسەڵاتی کوردی پیادەیی ئەکات لە کوردستاندا.

کار کردن بۆ بەدستهێنانی ئازادی بیر و باوەڕ و ئازادی ڕۆژنامەگەری لە کوردستان و

دروست کردنی ئەم پەیکەرەش با بگاتە ئەنجام...

بابان عوسمان 2010/7/1